# بەسەرهاتێکی کتێبی پیرۆز

## چیرۆکی خودا چییە؟

هەموو کەسێك چیرۆکێکی هەیە، وابزانم هەموو کەسێکیش باوەڕی بە چیرۆکێك هەیە. وەك مرۆڤ ئێمە حەز بە زانینی شت ئەکەین، هەروەها حەزدەکەین وەڵامی ئەو پرسیارانە بزانین، وەك : چۆن ئێمە هاتینە ئێرە؟ هەروەها بۆچی ئێمە لێرەین؟ مەبەستی ئێمە چیە لەم جیهانە؟ ئەگەر مەبەست بوونی هەبێت هەر لەبنەڕەتدا؟ هەروەها ئێمە حەز بەخۆشی و ئاسودەیی دەکەین، هەروەها بەردەوام بۆ ڕێگاکانی باشترکردنی دۆخی مرۆڤ دەگەڕێین، چونکە لەناخماندا ئێمە شتێك دەزانین و دەردەکەوێت ئەم جیهانەش تێکچوبێت.

چیرۆکەکەمان وشەی وەك گوناح یا کردەوەی نادروستی تیابێت، دەردەکەوێت ئێمە دەزانین ئەم جیهانە تەواو ڕاست نیە. هەوڵی زۆر هەیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە قوڵێتر. زۆربەی ئاینەکان و فەیلەسوفەکان و بۆچونەکانی جیهان چەقۆی خۆیان لێداوە، هەندێکیان بەشداریانکردووە لە باش کردنی زیاتری، هەروەها هەندێکیان مردن و سەرئێشەی زیاتری بۆهێناوە. لەکاتێکدا مشتومڕەکە بەتوڕەییەوە بەردەوام دەبێت، کێ یا چ شتێك باشترین وەڵامی هەیە بۆ مرۆڤایەتی، ئەم چیرۆکە هەوڵێکی ئێمەیە بۆ ئەوەی چیرۆکی خوداتان بداتێ وەك لەڕێی کتێبی پیرۆزو بارودۆخی خودی خۆمان لە سەدەی 21 دا دەبینرێت. ئەمە ئەوەیە کە ئێمە باوەڕمان پێیەتی.

ئێمە باوەڕ بەوە دەکەین کە "" لەسەرەتادا خودا ئاسمان و زەوی دروستکرد،"" هەروەها ئەم دروستکردنە بریتی بوو لە دەربڕینە هونەریەکەی شکۆمەندی سروشتی ڕاستەقینەی خودا ( باوك و کور و ڕۆحی پیرۆز) لەپێناو "" خۆشی باشی "" خودا خۆی (پەیدابوون 1:1–2 هەروەها کۆلۆسی 1: 15–17 هەروەها ئەفەسۆس 1 : 3–14).

هەموو ئەو شتانەی کە خودا گووتی هاتنە بوونەوە، هەروەها لەلایەن فەرمانی خوداوە داواکران (پەیدابوون 1 : 3–31 هەروەها ئیشایا 55: 11).

خودا بەبێ زیادوکەم ماددەی دروستکرد لە هیچ شتێك، ئاژاوەی کرد بە ڕێکخستن، کە ئێمە باوەڕدەکەین خودا هێشتا ئەوکاردەکات لەڕێی وشەکەیەوە لەهەموو شتەکاندا. کاتی ئەم دروستکردنە هیچ پەیوەندی بەو ڕاستیەوە نییە کە هەمووشتێك ئێمە دەیبینین لەخۆیەوە دروستبووە (لە هیچ شتێك) بە ووشەی خودا، هەروەها ""لەلایەن خوداوە هەروەها بۆ خودا ....هەروەها لەناو خودا هەموو شتەکان بەیەکەوە کۆدەبنەوە"" (کۆلۆسی 1: 17)، هەروەها " ئێمە لەناو ئەودا دەژین و دەجولێین و بوونی خۆمان هەیە"" (کردار 17: 28). هەموو ئەو شتانەی خودا دروستی کردوون ""باش بوون"" جگە لە مرۆڤایەتی، کە ""زۆر باش"" بوو ( پەیدابوون 1: 3–31). هیچ شتێك نیە کە لەلایەن خوداوە دروستکرابێت و بەسروشت خراپ بێت، هەموو شتێك خودا دروستی کردووە ""بۆ شکۆمەندی خۆی"" دروستی کردووە (ئیشایا 43: 7) هەروەها "" خۆشیی ویستی خۆی"" (ئەفەسۆس 1: 5،6،11،12،14)! ئەو پێویستی بەهیچ شتێك نیە، ئەو قەرزاری شتە دروستکراوەکان نیە بۆ هیچ شتێك بەهیچ شێوەیەك.

لەبەر ئەوەی خودا دروستکەری هەموو بوونەوەر و شتە پشتبەستووەکانە، ئێمە باوەڕمان وایە کە خودا ""بوونێکی پێویستە""، یا "" هۆکارێکی بێ هۆکارە"" هەروەها سنوردراو نیە بە بەربەستە مرۆییەکان وەك کات و شوێن یا لۆجیکی هۆکار، هەروەها بوونێکی هەتاهەتاییە کە گەورەترە (جیاوازە لە شتە دروستکراوەکانی) هەروەها کەسێتیە ( بە خودایانە و سەروەریانە سەرڤاڵی شتە دروستکراوەکانیەتی). هەموو ئەو کەسایەتییانەی کە لە سروشتی خودا دان (باوك و کوڕ و ڕۆح) کەسی جیاکەرەوەن بەڵام هێشتا یەکیان گرتووە لە بوون جەوهەردا. هەرچەندە گوێڕایەڵێکردنی ڕوون هەیە لە سروشتی خودا دا بەڵام بەڕوونی یەکبوون هەیە (1 کۆرنسۆس 11: 1–3 و عبرانیەکان 5: 8 و یوحەننا 5: 19) هەروەها هەموو سێ کەسەکە (ئەقنوم)ەکە بەشدارن لە ""کارەکانی"" خودا کە بریتین لە شتە دروستکراوەکان و ڕزگارکردن (پەیدابوون 1:1–2 و ئەفەسۆس 1: 3–14). باوك ئەندازیاری تەلارسازیەکەیە، کوڕەکە جێبەجێکەرەکەیە هەروەها ڕۆحەکە هێزەکە و کاتی ئێستایە کە دڵنیایی دەدات لە سەرکەوتنی پلانەکە بۆ شکۆمەندی خودی خودا خۆی و خۆشی ڕەهای شتە دروست بووەکانی خودا.

ئێمە باوەڕمان وایە ئەم تێگەیشتنە لە سروشتی خودا بناغەیە بۆ هەموو کۆمەڵگەی کتێبی پیرۆز ( بەهەموو شێوەکانیەوە) هەروەها خودا ئەو پێویستیەی بۆ کۆمەڵگا خستۆتە ناو(DNA) دی ئێن ئەی هەموو مرۆڤایەتیەوە و ئێمەش دەبێت لاسایی سروشتی خودا بکەینەوە لەهەموو پێکهاتە خێزانیەکان کە خودا دروستی کردووە (خێزانی مرۆیی و خێزانی بەدەنی و خێزانی ڕۆحی) کە بۆتە ئەنجامی یەکبوونێکی قوڵ لە ناوەندی هەمە جۆریدا (ئەفەسۆس 2: 8 – 3: 10 و 4: 11–16 و فیلیپی 1: 5،7، 27، و 2:2 و 4: 1–2).

ئێمە باوەڕمان وایە کە "" خودا  پیاو (مرۆڤایەتی) دروستکردووە لە وێنەی خۆی، لە وێنەی خودا مرۆڤی دروستکردووە، بە نێرو مێ خودا دروستی کردووە"" هەروەها پیاو دەبوو "" بەرهەمهێن بێت و نەوە بخاتەوە، زەوی پڕ بکات و زاڵبێت بەسەر (خۆی بپارێزێت لە بەدکاری)"" هەروەها "" زەوی پەروەردە بکات و بیپارێزێت"" (پەیدابوون 1: 26–31 و 2: 15).  مەبەست لە دروستکردنی مرۆڤ بریتی بوو لە پەروەردەکردنی شکۆمەندی خودا و لەدایك بوونی ستایشی خودا کاتێك مرۆڤ "" نەوە دەخاتەوە"" (پەیدابوون 2: 5،15).  ڕەگەزی مرۆڤ دروستکرا بۆئەوەی لە شکۆمەندی خودادا رازی بێت و بەگوێرەی رازیبوونی دڵی خۆی بژی.

خودا  هەموو شتێکی داوە بە مرۆڤایەتی کە پێویستی پێیبووە بۆ مانەوە و گەشەکردن وەك کەلتورێك (تێگەیشتن و مێشکێکی ژیر و داهێنان و خواردن و ئاو و جوانی و هتد).  مرۆڤ لە وێنەی خودا دروستکراوە( لە پیاو و ژن)، کە سیفەت دەدات بە سروشتی خودا وەك هاوشێوە و هێشتا جیاواز وەك یەکگرتوو و هێشتا جودا.  بۆیە، هەر لادانێك لەم یەکبوونە بێرێزیکردنێکە لە مەبەستەکانی شتە دروستبووەکان و جیاکەرەوەیەکی ڕوونە لە نیەتەکانی خودا، چونکە جیاکەرەوە(مَیزة) لە یەکبوون باشترین وێنە دەدات بە خودا لەم جیهانەدا.  "" لەبەر ئەم هۆکارەیە کە پیاو دایك و باوکی جێدەهێڵێت و پەیوەست دەبێت بەژنەکەیەوە، هەروەها هەردووکیان دەبن بە یەك جەستە"" ( پەیدابوون 2: 23 – 25).  هەروەها دروستبوونی جیاکەرەوە (مَیزة) جۆرێتی جیاواز دەدات بە شتە درووستبووەکان کە بیرۆکەیەکە بەباشترین شێوە خۆشەویستی و سۆز نیشان دەدات و ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندیەیە کە سروشتی خودا بە بێگەردی لەگەڵ یەکتر هاوبەشی دەکات.  بەبێ هەبوونی جیاکەرەوە (مَیزة) هیچ خۆشەویستیەك و سۆزێکی ڕاستەقینە نابێت.  لەکاتێکدا زۆر کەس جیاکەرەوە (مَیزة) بە بەدکار و بناغەی شەڕ و ناکۆکی دەبینن ( نەتەوەکان و جەندەر و نەژاد و هتد)، بەڵام ئێمە وەك نیشاندانێکی دروستکراوی حەزی خودای دەبینین بۆ دەرخستنی هونەری هەمەچەشنی خۆی، ئەمەش شتێکی باشە لەگەڵ هەموو شتە دروستکراوەکانی تر.

هەروەها ئێمە باوەڕمان وایە کە خودا ئافرەتی دروست کرد بۆئەوەی شانبەشانی مێردەکەی بێت بۆ ئەنجامدانی ئەو دەسەڵاتەی کە درا بە ئادەم بۆ "" پەروەردەکردنی""  کەلتورێکی شکۆمەندیدان بە خودا هەروەها لەکاتێکدا ئەوان بەبێگەردی یەکسانن لە جەوهەردا ئەوان ڕەنگدانەوەی سروشتی خوداین بە هاوشێوەبوون، هێشتا جیاواز ، هەروەها گوێڕایەڵی و جیاکردنەوەی ڕۆڵیان نیشانداوە کە دەسەڵاتی خودا ئەنجامدەدات بەکردارێکی شکۆمەندیانە (پەیدابوون 2: 1 – 15 و تیمۆساوس 3: 13 –14 و یەکەم کۆرنسۆس 11: 1 –3 و ئەفەسۆس 5: 22 – 31).

ئێمە باوەڕمان وایە بەرلەوەی گوناحە بێتە ناو کۆمەڵگای مرۆڤەوە، مرۆڤایەتی ئاشتیەکی (شەلۆم) بێگەردیان هەبووە لەگەڵ خودا (لاهوت) و یەکتر (زانستی کۆمەڵایەتی) و هەروەها لەگەڵ خۆیان  ( زانستی دەروونی) و ژینگەکەیان (زانستی ژینگە) کە توانای داوە پێیان لەناو خودا تەواوبن و خۆشی ببینن و لە خودا و خودا بپەرستن بە بێگەردی هەروەك بۆ ئەو مەبەستە دروستکراون ئەنجامی بدەن و "" بۆ ڕاگەیاندنی ستایشی من"".  ئەوان تەواوبوون و شەلۆمێك (ئاشتی) و خۆشیەکی بێ گەردیان هەبووە لە پەرستنی دروستکەرەکەیان، بۆیە ئەوان قایلبوون و تەواو بوون لەوە زیاتریان نەویستوە کە پێیان دراوە.

ئێمە باوەڕمان وایە سەرەڕای ئەم شەلۆمە(ئاشتی) مرۆڤ لەلایەن ئەو فریشتانەوە فریودراوە کە لەلایەن خودا دروستکراون و بەحەزی خۆیان یاخی بوون بۆ ئەوەی ببن بە خودای خۆیان و بەو حەزو هەڵەیەشەوە ڕەفتاربکەن کە دەیانخاتە سەرووی خودا بۆ شکۆمەندی خۆیان (سەیری ئیشایا 14 بکە).  ئەمە ئەنجام نەدراوە بەبێ تێبینیکردنی خودا و تەنانەت پلانی خودا، بەڵام لەو کاتەی پێویست بووە مرۆڤ "" خودای ڕەتکردۆتەوە، کە تەنیا سەرچاوەی ئاوی ژیانە، ئامباری ئاوی بۆخۆی دروستکردووە ، ئامباری ئاوی شکاو  کە ناتوانێت ئاو بگرێت "" یەرمیا 2: 13).  ئەم لوتبەرزییە بوو لە دڵیدا کە بردی بەرەو ئەم کارەساتە و ڕووخانی دواتری هەموو مرۆڤایەتی کاتێك دڵی مرۆڤ "" بەپەرۆشەوە بەدکار"" بوو بە ڕۆحیەوە مردوو بوو لەناخدا (یەرمیا 27: 9).  دڵی گوناحەکەی ئادەم بر یتی بوو لە پەرستنی بت و لوتبەرزیی کە دەگوێزرێتەوە بۆ هەموو مرۆڤایەتی.  ئەمە وای لە مرۆڤ کرد بەتەواوی شایستەی رق و حوکمی خودا بێت، چونکە بە سەرپێچی کردنی مرۆڤ دڵی (ناوەندی هاندان) "" بەپەرۆشەوە بەدکار"" بوو، هەروەها توانای هەموو شێوەیەکی کرداری بەدی هەبوو.  بۆیە قیامەت بریتیە لە ئەنجامدانی دادپەروەریەکی بێگەرد دژی ئەم یاخیبوونە، هەروەها هیچ مرۆڤێك بەبێ پاکانە کردن نیە (ڕۆما 1–3).

دواتر هەموو مرۆڤایەتی لەدایك دەبێت بە سروشتێکی زگماکی کە ببێت بە خودای خۆی هەروەها لە ئاست خودا و پەیامی ڕزگارکردنی خودا مردووە جگە لە دەسەڵاتی دروستبوونەوەی ڕۆحی پیرۆز لە ژیانیاندا (پەیدابوون 3: 5–6 و ڕۆما 5: 12).  مرۆڤ ڕەنگدانەوەی ئەم مردنەیە یا بە دروستکردنی ژیانێکی پڕکراو لە خۆشی دوور لە خودا یا ژیانێکی ئاینی و ئیمانداریی دوور لە خواستی خودا بۆ ئەوەی جڵەوی رزگاربوون و چارەنووسی خۆی بگرێت (لۆقا 15: 11–32).  بەهەریەك لەم ڕێچکانە مرۆڤایەتی خودای ڕەتکردۆتەوە وەك "" فوارەی ئاوی زیندوو"" و میکانیزمی ڕزگارکردنیان بۆخۆیان دروستکردووە کە هەرگیز ئەو حەزە

پێدراوەی خودامان بەدەستناهێنێت بۆ پەرستن هەروەها خودای بچووکتریان قبوڵکردووە (کە بتپەرستییە) بۆ هەوڵدان و هێورکردنەوەی ئەو بەتاڵییە شێوە خودایەی کە ڕەتکردنەوەکەیان درووستی دەکات (یەرمیا 2: 13 و یوحەننا 7: 37 – 39). بۆیە ئێمە شایستەی حوکمدانین لەبەر کارە خراپەکانمان و کارە باشەکانیشمان و هەروەها ئێمە زۆر پێویستمان بە ڕزگارکەرێك هەیە (عیبرانیەکان 6: 1). ڕەتکردنەوەی خودا و دواتر پەرستنی ""خودای بچووکتر"" کە وای لەمرۆڤایەتی کردووە نارِازی بێت و حەز بەشتی زیاتر بکات کە بەرەو ئەو لاوازی و پڕگرفتەی بردووە کە هەموو مرۆڤایەتی پیاتێدەپەرِێت لەسەر بنەمایەکی رێك (شەڕ و نەژاد پەرستی و تاڵی و لێ نەبووردن و توندڕەوی ئاینی و ناوزڕاندن و تەماح و داوێنپیسی بە هەموو شێوەکان و بەکارهێنانی کەسانی تر بۆ کەڵکی خود و هتد).

ئێمە باوەڕمان وایە ئاکامی ئەم گوناحیە بەربڵاوە کارەساتبارە دەبێتە هۆی وێرانکردن و شکاندنی ژینگەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و لاهوتی. ئاشتی (شەلۆم)ی مرۆڤ ووردو خاش دەبێت و مرۆڤایەتیش بەردەوام دەبێت بۆ گەڕان بەدوای "" ئامباری ئاوی شکاوی"" زیاتر بۆ پڕکردنی ئەم ئەشکەوتە گەورەیە لە ڕۆحیاندا دەبێتە هۆی دروستبوونی کارەساتی زیاتر و زیاتر لەسەر ئەم زەویە کاتێك ئێمە بەردەوام دەگەڕێین بەدوای واتا و خۆشیی دوور لەو هۆکارەی کە ئێمە بۆی دروست بووین و لە پەرستنی خودای هەتاهەتایی. مرۆڤ بەردەوامە لە پەرستن بەڵام بەدبەختانە زۆر بەئاسانی خۆشحاڵ دەبێت و چارەسەری زۆر قبوڵ دەکات کە "" لەوەدەچێت لای مرۆڤ ڕاست بێت بەڵام لەکۆتاییدا وێرانکاری دێت"" ( پەندەکان 14: 12 و 16: 25). گرفتەکانی مرۆڤ هەرگیز چارەسەرنابێت بە ڕێککەوتننامە و زانستی دەرونی مرۆڤ و چارەسەری سروشتی و کاری کۆمەڵایەتی و یارمەتی دانی هەژاران بەپارە و دەوڵەمەندی و پەروەردە و دامەزراوە مرۆییەکان و هێزی سەربازی و ئاین یا نموونەیی سیاسی. بەهەرحاڵ مرۆڤایەتی بە ڕەتکردنەوەی خودا بەردەوامە لە دروستکردنی شوێنی ئارام (شەلۆم) لەئەنجامی لوتبەرزی و بت پەرستی خۆیان کە هەرگیز قایلبوونی نییە و لەکۆتاییدا بەرەو ناقایلبوون و مردنیان دەبات.

بەهەرحاڵ خودا بە نیعمەتی خۆی دەستی کرد بە پەلاماردانی بەدکاریی بەسنووردانان بۆ ژیانی مرۆڤایەتی و هێنانی مردنی جەستەیی و مردنی رۆحیش وەك ئەنجامی ئەم یاخیبوونە. ئەم نیعمەتە توانای مرۆڤی سنووردارکردووە بۆ یەکگرتن لەژێر ستراکتۆرێکی وێرانکاری خود حوکمرانی کردن ( پەیدابوون 2: 17 و 11: 6–7) . لەکاتێکدا مرۆڤایەتی تێدەکۆشێت بۆ یەکبوون ئەوان بەبەردەوامی بەش دەبن چونکە لوتبەرزیی و ترس پەیوەندی تێکدەدات و دەبێتە هۆی جەنگ بەشێوەی کەسێتی و کۆمەڵ (یەعقوب 4: 1–3). لەکاتێکدا زۆربەی مرۆڤەکان باوەڕیان وایە گرفتەکە جیاکەرەوەکانی (ممیزات) خۆمانە بەڵام ئینجیل دەیهێنێتەوە بیرمان ئەوە دڵە گوناحبارەکەی خۆمانە، و هەر جیاکەرەوە ڕزگارکراوەکان تەنیا شتن کە خۆشەویستی و سۆز و هەرواتایەکی ڕاستەقینە دروست دەکەن. بۆیە ئێمە باوەڕمان وایە "" ڕزگارکردن"" تەنیا بریتیی نیە لە "" ڕزگارکردنی"" تاکە کەسەکان، بەڵکو ڕزگارکردنی شتە دروستکراوەکانە (ڕۆما 8: 19–25) و سروشتی جەستەیی خودی خۆشمان. چارەسەری مرۆیی بەردەوامە لە لەناوبردنی حەزەکان یا جیاکردنەوە لەڕێی ئامرازەکانی زۆرەملێ، لەکاتێکدا ئینجیل دڵ دەگۆڕێت و دووبارە شێوەدەداتەوە بە شێوازی بیرۆکە شکاوە پڕ گوناحەکانی ژیری مرۆڤ کاتێك شتە دروستبووەکانی خودا دەگێڕێتەوە بۆئەو ڕێگەیەی ئەو نییەتی بوو.

بۆیە، ئێمە باوەڕمان وایە مەسیح کە بە هەتاهەتایی کوڕی خودایە، "" خۆی بەتاڵکردەوە و شێوەی خزمەتکارێکی کۆیلەی وەرگرت و لەشێوەی مرۆڤ هاتە سەر زەوی و بە ڕوخساری مرۆڤ بینرا ( بەبێ لەدەستدانی جەوهەرە خودایەکەی خۆی) و خۆی نزمکردەوە بە گوێڕایەڵبوو هەتا خاڵی مردن..... بۆئەوەی بەبێگەردی خواستی باوك جێبەجێ بکات، .....تەنانەت مردن لەسەر خاچ"" ( فیلیپی 2: 7 – 8) کە پێشتر چارەنووسی بۆدانرابوو "" بەر لە بناغەی جیهان"" ( ئەفەسۆس 1: 4 و عیبرانیەکان 4: 3). مەسیح توانی ببێت بە ئەڵتەرناتیڤی بێگەردی ئێمە چونکە ئەویش مرۆڤ بوو ( بۆیە سزای گوناحە/سەرپێچی ئێمە دەبات)، ئەو خوداش بوو ( ئەوەندە بێگەردە تا باجی گوناحەکانمان بدات)، کە توانای پێدا بەبێ گوناحە قەرەبووی سەرپێچیەکانمان بکاتەوە و ڕاستگۆیی خۆیمان بداتێ کە پێویستی بەوەیە ئەوەندە ڕاستگۆبێت بۆ ئەوەی بچێتە بەردەمی خودایەکی هەتا هەتایی و ڕاستگۆ و پیرۆز. ئەو کەسەی کە هیچ گوناحەیەکی نەزانی، بوو بە گوناحە لەبەر خاتری ئێمە ( دووەم کۆرنسۆس 5: 21 و یەکەم پەترۆس 2: 24).

ئێمە باوەڕمان وایە خودا بەڕاستی حوکمی مرۆڤایەتی دەدات لەبەر ئەم خیانەتە گەردوونییە، بەڵام هێشتا بە نیعمەتەکەی خۆی ئەو بەڵێنی دا ڕزگارکەرێکمان بۆ بنێرێت بۆ بەزاندنی گوناحە و بەدکاری و مرۆڤایەتی ڕزگاربکات لەم کەوتنە ترسناکە. ئەو دواتر ئەم نیعمەتەی نیشانداوە بە قوربانیدانی (بەرانێك) و داپۆشینی رووتبوونیان کاتێك بە شێوەی هێما نیشانی داوە کە ڕۆژێك ئەو (خودا) گوناحەکانیان دادەپۆشێت بە خوێنی خۆی کە لەلایەن خوداوە بەڵێن دراوە بەدکاری تێکبشکێنێت لەڕێی "" تۆوی ژنەکەوە"" (پەیدابوون 3: 15 ، 21 و 22: 13–14 و دەرچوون 12: 42–51 و عیبرانیەکان 9: 10). لەکاتێکدا سروشتی بەدکاری لە باخچەکە و خواستی مرۆڤ لە کەوتنەکەی ڕوون نیە ئێمە دەزانین خودا بەبێگەردی سەرووەرە، هێشتا ئەو نوسەری بەدکاری نیە. لەلایەکی ترەوە ئەو "" یەکێکە ڕووناکی دروست دەکات و تاریکی دروست دەکات. هۆکاری تەندروستی باش و کارەساتە"" (ئیشایا 45: 7). سەرەڕای ئەوەی خودا بەتەواوی سەرووەرە (هێشتا نوسەری بەدکاری نیە) خواستی مرۆڤ ئامادەیە لەم بڕیارە. گوناحە ڕوویدا لەڕێی حەز و بژاردەی مرۆڤ و خوداش بە دادپەروەری دەمێنێتەوە بۆ حوکمدانی مرۆڤایەتی بەهۆی یاخیبوون و لوتبەرزیی ئێمە. هەروەها ئێمە باوەڕمان وایە کە "" تەنیا وەك لەڕێی یەك پیاو گوناحە هاتە ناو جیهانەوە و مردنیش

لەڕێی گوناحەوە هات"" کە "" دیاریە خۆڕاییەکە وەك سەرپێچیکردنەکە نییە. چونکە ئەگەر بە سەرپێچیکردنی یەکێك مرۆڤێکی زۆر بمرێت ئەوا نیعمەتی خودا زۆرتری ئەنجامداوە لە ڕێگەی نیعمەتی یەك مرۆڤ (عیسای مەسیح) کە لە زۆر مرۆڤدا هەیە"" (ڕۆما 5: 12 – 15). هەروەك گوناحە لەڕێی یەك مرۆڤەوە هات ئەوا هەروەها ڕزگارکردنیش لەڕێگەی کاری یەك مرۆڤ (مەسیح) دێت لەسەر خاچ.

لەئەنجامدا ئێمە باوەڕمان وایە کە "" ڕزگارکردن هی خودایە"" و ئەوکەسەی خودا "" پێشتر ناسیویەتی و چارەنوسی بۆداناوە تا ببێت بە وێنەی کوڕەکەی"" (ڕۆما 8: 28) هەروەها "" بە نیعمەت ئێمە ڕزگاردەبین لەڕێی باوەڕەوە نەك خودی خۆمان، ئەمە دیاری خودایە نەك ئەنجامی ئەو کارانەی کە نابێت کەس خۆی پێوە هەڵکێشێت"" (ئەفەسۆس 2: 8 – 9). ڕزگارکردنی ئێمە بە پوختی و بە گشتی کاری خوداکەمانە. هەتاکو دڵە مردووەکانمان دروست دەبێتەوە بە دەسەڵاتی ڕزگارکەری ڕۆحی پیرۆز ئێمە ناتوانین خودا بۆخۆمان هەڵبژێرین (مەتتا 15: 12). ئێمە زۆرجار ئاین و نەریتی ئاینیی دروست دەکەین لە هەوڵێکدا بۆ هێورکردنی خوداکانی شەرم و ترسی ئێمە، بەڵام ئێمە ناتوانین بێین بۆ لای مەسیح "" ئەگەر باوك یەکەمجار ئێمە ڕانەکێشێت"" قەرەبووی گوناحەکانمان نەکات (یوحەننا 6: 44). ئەمە بەهەرحاڵ خواستی مرۆڤ هێور ناکاتەوە، بەڵکو کەمتر توندوتیژی دەکات لەچوارچێوەی خواستی سەروەری باوك، کەهێشتا داوادەکات مرۆڤایەتی بە پۆزەتیڤانە وەڵامی ئینجیل بداتەوە (ڕۆما 10: 13–15 و هەروەها سەیری یوحەننا 1: 12 –13 بکە) کە توانای بەرگەگرتنی نییە کاتێك دەسەڵاتی ڕۆحەکە دڵە مردووەکەی مرۆڤایەتی دروستدەکاتەوە. ئێمە باوەڕمان وایە خودا هەموو مافێکی هەیە ئەو بانگە بدات لەڕێی کاری کوڕەکەیەوە، هەروەها ئەو دادپەروەرە و بەتەواوی شکۆدراوە لەڕێی ئەوکەسانەی کە ژیانی هەتا هەتایی لەودا دەبینن و ئەوکەسانەشی بۆ نەفرەتی هەتا هەتایی حوکم دەدرێن. ئەو کەسە ڕووناکی دەخاتە سەر خۆشەویستی و بەزەیی خودا لەکاتێکدا ئەوی تر پیرۆزی و دادی خودا نیشان دەدات. خودا هیچ کەسێك بە نادادپەروەری حوکم نادات و هیچ کەسێکیش بە نادادپەروەری ناخاتە نێو پاشایەتی خۆیەوە. ئێمە هەموومان چارەنوسمان بۆ حوکمدانە بۆیە خودا دادپەروەرە لەهەموو کردارەکانیدا.

هەروەها ئێمە باوەڕمان وایە کە حوکمی هەتا هەتایی خودا دادی هەتا هەتایی خودایە بۆ هەڵە قبوڵنەکراوەکان کە لەلایەن بەدکاریەوە ئەنجام دەدرێت لەسەرانسەری مێژوودا. نەبوونی هەر حوکمێك لە ژیانی دوای مردن ئەم ژیانە بێمانا دەکات و ئەو توندوتیژیە و خراپەکاریەی ئێمە دەیبینین لەم جیهانەدا گرنگ نابێت.

بۆیە ئێمە باوەڕمان وایە بۆئەوەی خودا بەڕاستی دادپەروەربێت ئەو پێویستی بەوە دەبێت سزای گوناحەی هەبێت کە مردنە، بەگوێرەی ئەو یاسایە دەدرێت کە خودا داویەتی بە خەڵکەکەی خۆی. بۆیە لەکاتێکدا ئەوە ڕاستە کە "" هەمووومان گوناحمان کردووە و لە شکۆمەندی خودا کەوتین"" (ڕۆما 3: 23) ئێمە "" پاکانەمان بۆکراوە وەك دیاریەکی بێ بەرامبەر بە نیعمەتی خودا لەڕێی ڕزگارکردنەکە کە لە عیسای مەسیحدایە، ئەو کەسەی خودا نیشانیدا بەئاشکرا وەك ڕازیکردنێك بە خوێنی خۆی لەڕێی باوەڕەوە"" (ڕۆما 5: 15 – 17)، کە "" بۆ نیشاندانی ڕاستگۆیی (داد)ی خۆی بوو چونکە خودا بەسەبری خۆی ئەو گوناحانە پشتگوێ دەخات کە پێشتر ئەنجامدراون"" ( ڕۆما 3: 25). لەکۆتاییدا خودا بەتەواوی بە کردارەکانی مەسیح پاکانەی بۆکراوە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی گوناحکار و حوکمدانیشیان بەهۆی گوناحەکەیانەوە کاتێك ئەوان تەنیا شوێنی گوناحەی ئەو ڕەتدەکەنەوە کە ئەوەندە باشە بۆ تاوانی ئێمە. بۆیە، مەسیح "" ڕزگارکەری هەموو مرۆڤەکانە، بەزۆری ئەوانەی باوەڕدارن"" (یەکەم تیمۆساوس 4: 10) بە ئەنجامدانی ئەوکارەی خۆی لەسەر خاچەکە بەسە بۆ هەموو مرۆڤەکان، هێشتا بەکارە بۆ ئەوکەسانەی متمانەی خۆیان دەدەن بەم کاری ڕزگارکردنە. خودا بەبەزەیی و پیرۆزە و نابێت گاڵتەی پێبکرێت.

ئێمە باوەڕمان هەیە کە مەسیح نەك تەنیا باجی سزای گوناحەکانمانی داوە بەڵکو "" ئەو کەسەی کە گوناحەی نەزانی بوو بە گووناحە بۆئێمە بۆئەوەی ئێمە ببین بە ڕاستگۆی خودا لەودا."" ئیتر ڕاستگۆیی ئێمە لەودا هی ئەوە نەك هی خۆمان کاتێك پلەیەکی بێگەرد دەدات بەوکەسانەی باوەڕیان پێی هەیە لەبەردەم خودایەکی ڕاستگۆو و پیرۆز. کاتێك ئێمە دەست بەو هەستکردنە دەکەین کە خودا چەند پیرۆزە و گوناحەکەمان بەڕاستی چەند گەورەیە خاچەکە لەژیانماندا گەورەتر دەبێت و ئێمەش دەتوانین ژیانێکی پڕ لە نیعمەت بژین لەگەڵ ئەوانەی لەچواردەورمانن. خۆشەویستی خودا پاڵمان پێوە دەنێت کەسانی ترمان خۆش بوێت و دەست بە خزمەتی ئاشتبونەوە بکەین کە دراوە بەئێمە لەلایەن باوکەوە بۆ شکۆمەندی خۆی (مەتتا 22: 37 – 39 و دووەم کۆرنسۆس 5: 17 – 21). هەروەها ئەمە وامان لێ دەکات تۆبە بکەین، چونکە ئێمە ڕقمان لە گوناحەکانمان دەبێت، نەك لەبەرئەوەی ئێمە هەست بە خەتا دەکەین یا دەمانەوێت خودا بۆ سودی خۆمان بەکاربێنین کە شتێك بۆ ئێمە بکات، بەڵکو لەبەر ئەو خۆشەویستیە گەورەیەی ئەو بۆ ئێمەی هەیە (یوحەننا 3: 16 و ڕۆما 5: 8 و یەکەم یوحەننا 4: 8 – 11). کاتێك ئێمە بە نیعمەت دەژین ئێمە دەگەینە ئەو هەستەی کە ئێمە پێویستمان بە تۆبەکردنە لە کارە (باشە) مردووەکانمان"" (عیبرانیەکان 6: 1) بەقەدەر کارە خراپەکانمان، گوناحەکانیشمان شەرت نیە شتێك بێت ئەنجامی بدەین، بەڵکو ڕەنگدانەوەی دۆخێکی دڵە کە بەرێگەی زۆر خودا ڕەت دەکاتەوە یەکێك لەوانەش خۆتەرخانکردنی ئاینییە کە بەبێ دڵێکی ڕزگارکراو دەتوانێت دڵێکی ڕاستگۆی خودی یا دڵێکی تاڵ دروست بکات ( لەئەنجامی ئاین بەبێ مەسیح). مێشکی ئاینی بەردەوام بیردەکاتەوە کە گوناحە دەرەکییە و چارەسەرکردنیش ناوخۆییە و ئێمە لەڕێگەی کارەکانمانەوە قبوڵدەکرێین، بەڵام بەپێچەوانەوە ئینجیل نیشانمان

دەدات کە گوناحە ناوخۆییە و چارەسەرکردنەکەش دەرەکیە (مەسیح) و قبولکردنەکەش لە کارەکانی مەسیح دایە، بۆیە ئێمە لەئەنجامدا دەتوانین شکۆی بدەینێ لە کارەکەماندا. بەوشێوەیە "" ئەوەی دەچێتە دەمی مرۆڤەوە، مرۆڤ گلاو ناکات بەڵام ئەوەی لە دەمەوە دەردەچێت مرۆڤ گلاو دەکات"" ..... ئەوشتانەی لە دەم دێنەدەرەوە لە دڵەوەدێن، ئەو شتانەش مرۆڤ پیس دەکات چونکە لە دڵەوە بیرۆکەی بەدکاری و کوشتن و داوێنپیسی و شایەتی درۆ و دزی و ناوزڕاندن دێت و ئەمانە ئەوشتانەن کە مرۆڤ گلاو(پیس) دەکەن"" (مەتتا 15: 10 – 20). کردارەکانی ئێمە لەکۆتاییدا تەنیا نیشانەیەکی دۆخێکی خراپی دڵە کە "" بەپەرۆشەوە بەدکارە ، کێ دەتوانێت لەمە تێبگات"" (یەرمیا 27: 9) ؟ تەنیا دەسەڵاتی دووبارە گەشەکردوو و گۆڕاوی ڕۆحی پیرۆز دەتوانێت ئەم دڵە بەردە بگۆڕێت و بیکات بە "" دڵی گۆشت"" (حەزقیال 36: 25–30).

بەم شێوەیە ئێمە باوەڕمان وایە گێڕانەوەی خودا (کتێبی پیرۆز) دەیخاتەوە بیرمان کە خودا بە بێگەردی و بە دادپەروەرانە بەدکاری حوکم دەکات، هەروەها ئەو لەجیهاندا کاردەکات کاتێك جیهان بۆ خودی خۆی ئاشت دەکاتەوە. بەهەرحاڵ بە حوکمدانی دادپەروەرانە خودا "" خۆشی نابینێت لە مردنی هیچ کەس"" حەزیش دەکات هەموان "" تۆبە بکەن و بژین"" (حەزقیال 18: 32 و دووەم پەترۆس 3: 9). ئەو بە بینین دەستی بە کاری ڕزگارکردنی خۆی کرد بە بانگکردنی خەڵك بۆ لای خۆی بۆ مەبەستەکانی خۆی و شکۆمەندی خودی خۆی. کە ئەو خەڵکە دەبن بە "" بەرەکەتێك بۆ نەتەوەکان"" (پەیدابوون 12: 1–4) و ئەوە دەبێت بە خەڵکی ڕزگار کراوی خۆی بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتەکە بۆ ئەوەی "" بەردارو زۆربن"" و شکۆمەندی خۆی نیشانی هەموو جیهان بدات. دواتر خودا ئیبراهیمی بانگکرد بۆ ئەوەی ببێت بەباوکی نەتەوەکان و ئاماژە بۆ خودا بکات وەك تەنیا ڕزگارکەری ئێمە. سەرەڕای نەرم و نیانی خودا بۆ مرۆڤایەتی مرۆڤەکان بەردەوامبوون لە ڕەتکردنەوەی خودا و پێشێلکردنی یاساکانی ، لەکاتێکدا هاواردەکەن بۆ شێوە سێکیولارەکانی حکومەت بەڵام خۆیان ناخەنە ژێر جڵەوی بەخشندەیی خودایەکی سەروەر. مرۆڤ بەردەوام بووە لە نیشاندانی ئەنجامەکانی دڵە یاخی بووەکەی و شکۆمەندی نەداوە بەخودا و شایەتی شکۆمەندی خودا نەبووە (سەیری رابەران و ڕۆما 3: 23 بکە).

بەهۆی یاخی بوون و حەزی بەردەوامی مرۆڤ بۆ ڕزگارکردنی خۆیان، خودا نیشانی ئیبراهیم و بنەماڵەکەی و پێغەمبەرەکانی دا کە قوربانیەك پێویست دەبێت بۆئەوەی بەتەواوی باجی سزای گوناحەکانمان بدات، هەروەها قوربانی ئاژەڵ (لەکاتێکدا بۆ دەرخستنە) ناتوانێت بەگونجاوی باجی سزا بدات بۆ ئەم کارەساتە وێرانکاریە، بەڵام قوربانیەکی کۆتایی هەیە کە گوناحە و شورەیی بۆ هەتا هەتایە لەناو دەبات (یوحەننا 1: 29–36) هەروەها دەبێتە هۆی گوێڕایەڵی لە ئەنجامی دڵێکی نوێبووەوە نەك لە ئەنجامی کردارێکی نەریتی قوربانیدان و ئەرك، "" چونکە باشترە گوێڕایەڵ بیت لە قوربانیدان"" (یەکەم ساموئێل 15: 22). کرداری سەرەکی خودا بریتیبوو لە ناردنی کوڕەکەی خۆی بۆئەوەی ببێت بەو قوربانیە کۆتاییە بۆ هەتا هەتایە کە گوناحە و مردن دەبەزێنێت بە زیندوکردنەوەی کوڕەکەی لە مردن بە دەسەڵاتی ڕۆحی پیرۆز کاتێك کوڕەکەی کرد بە تەنیا "" ناوێك لە ژێر ئاسمان کە لەناو مرۆڤەکاندا پێیدراوە کە بەو ناوە ئێمە پێویستە ڕزگار ببین"" (کردار 4: 12). لەکۆتاییدا بەهۆی زیندووبوونەوە ئێمە باوەڕ دەکەین کە هیچ ڕێگەیەك بۆ لای خودا نییە جگە لە مەسیح. "" مەسیح ڕێگەکەیە و ژیانەکەیە و ڕاستیەکەیە هەروەها هیچ مرۆڤێك ناتوانێت خودای باوك ببینێت تەنیا لەڕێگەی مەسیحەوە دەتوانێت"" (یوحەننا 14: 6) ئەو بیرۆکەیەی کە هەموو ڕێگەکان بەرەو خودا/خوداکان دەڕوات لەخۆیدا ووتەیەکی ئاینییە کە توندوتیژە و پێچەوانەی یاساکانی لۆجیك و ئاشکراکردنی کتێبی پیرۆزە کە ئێمە هەمانە. هەروەها ئەوە بینینی جیهانە لەلایەن زۆربەی خۆرئاواوە کە بە ڕەشەباکانی ژینگەی خۆیان پیس بووە و زۆر توندوتیژیشە بۆ زۆربەی کەلتورەکانی تر.

هیچ دامەزراوەیەکی مرۆیی نەیتوانیوە بەتەواوی نوێنەرایەتی خودا بکات لەسەر ئەم جیهانە، بەڵام مەسیح بەدڵنیاییەوە داوای لە کڵێساکەی خۆی کردووە ببێت بە "" ئیسرائیلە نوێیەکە"" و داوای لە بوکەکەی کردووە شان بەشانی ئەو بڕوات بۆ ئەوەی ئەرکەکەی خۆی لەسەر زەوی بەدەستبێنێت (یوحەننا 10: 16 و ئەفەسۆس 5: 29 – 31 و ڕۆما 9: 6). بەم شێوەیە ئێمە تەنیا بە دەسەڵاتی ئینجیل ڕزگار نابین، بەڵکو ئێمە هەروەها ڕزگاردەبین بۆ "" مەبەستەکانی"" ئینجیل کە کاری ئەرکی خودایە لەسەر زەوی (ئەفەسۆس 1: 10 – 11 و یوحەننا 20: 21). بەم شێوەیە کڵێسا (ئەکلیزیا) مژدەهێنە ڕزگارکراوەکان و داوالێکراوی خودایە بۆئەوەی ببێت بە بەرەکەتێك بۆ نەتەوەکان و شایەتێك بۆ "" ئۆرشەلیم و یەهودیا و سامیرە و ئەوپەڕی جیهان"" (کردار 1: 8). لەکاتێکدا ئینجیل چوونە ناوەوەی خودایە بۆ ناو کەلتوری مرۆڤ بۆئەوەی ڕزگاری بکات بۆ شکۆمەندی خۆی، داوا لە کڵێسا دەکرێت ببێت بەبەشێك لەو ئەرکە کاتێك ئێمە بانگەواز بۆ ئینجیل دەکەین و هەموو ژیانمان بە دەرئەنجامەکانی بەسەردەبەین بە شێوەی شکۆمەندیدان بەخودا. ئەوەی خودا دەستی پێکرد و بینی کە شتێکی "" باشە""، ئەو ڕزگاری دەکات، هەروەها ڕۆژێك کاتی هاتنی دووەمی مەسیح بەتەواوی شتە دروستبووەکان ڕزگار دەکات و "" شارێکی پیرۆز ، ئۆرشەلیمێکی نوێ کاتێك لە ئاسمانەوە دێتەخوارەوە لەلای خوداوە کە وەك بوکێك ئامادە دەکرێت بۆ زاواکەی"" پێشکەش دەکات (ئاشکراکردن 19: 7 – 8 و 21: 2) و خواستی خوداش "" جێبەجێ دەکرێت لەسەر زەوی هەروەك لە ئاسمان"" (مەتتا 6: 10).

مەسیح جاری دووەم دەگەڕێتەوە و ئەوە تەواو دەکات کە لەسەر خاچەکە دەستی پێکرد، زیندووبوونەوەی دواتری ئەویش لەمردن، و دامەزراندنی کڵێساکەی خۆی کە هەموو ئەو خەڵکانەی تێدایە کە باوەڕیان پێیەتی بۆ ڕزگاربوونیان و تۆبەکردنیان لە کارە باش و خراپەکانیان و ناسینەوەی ئەو بەتەنیا وەك ڕزگارکەری ئەوان، لە کۆتاییشدا حوکمدانی "" زیندووان و مردووان"" لەکۆتاییدا تێکشکاندنی بەدکاری و دەستپێکردنی ئاسمانێکی نوێ و زەویەکی نوێ کە بەتەواوی ڕزگاردەبێت و دوور لە بەدکاری و پڕبێت لە ئامادەیی و حوکمی خودا.

هاوکات کڵێسا بوونی هەیە وەك خەڵکێکی داوالێکراوی خودا بۆ شکۆمەندی خۆی. ئێمە ئەوە لەوەدا دەبینین "" بۆ ئەوەی دانایی خودا زانراوبێت لەڕێگەی کڵێساوە بۆ فەرمان ڕەواکان و دەسەڵاتداران لە شوێنەکانی ئاسمان"" (ئەفەسۆس 3: 10). خەڵکی خودا، کڵێسا، شایەتی خودان بۆ جیهانی بنیاتنانەوەی خودا لە تێکشکان و دوژمنایەتی و کینە. خودا شکۆمەندی پێدەدرێت کاتێك کڵێسا نوێنەرایەتی مەبەستی خودا دەکات بۆ جیهان بۆ ئەوەی دیوارە بەشبەش کراوەکانی دوژمنایەتی بشکێنرێت لەنێوان (مرۆڤ و خودا)و(مرۆڤ و مرۆڤ). نەژادپەرستی و کینەو لایەنگری کوێرانە و خزمەتەکانی پەرستن بە جوداخوازیانە بەرهەمی گوناهەن نەك بەرهەمی ڕۆحی خودا (ئەفەسۆس 2: 10 – 3 : 10 و غەلاتیە 2: 14 و ئاشکراکردن 5: 7–9 و 9: 7). کڵێسەی خودا لەلایەن شەماس و پیران بەڕێوە دەبرێت (یەکەم تیمۆساوس 3 و تیتوس 1 و کردارەکان 14: 23 و 20: 17– 28) بۆ بایەخدان بە کڵێسە و شوانکاریکردنی و فێرکردنی و خزمەتکردنی.

ئێمە بوونمان هەیە بۆئەوەی بۆ ئەرك و شکۆمەندی خودا بژین (مەتتا 28: 19 – 20 و کردار 1: 8 و یەکەم پەترۆس 2: 9). کڵێسە لە بۆشاییەکەدا دەوەستێت کاتێك بانگەواز بۆ چیرۆکی خودا دەکات هەتا گەڕانەوەی خوداکەمان عیسای مەسیح، کاتێك هەموومان جەستەی شکۆمەندکراو بەدەست دێنین و ژیانی هەتا هەتایی لە مەسیح بەسەر دەبەین کاتێك دەیپەرستین، ئەوکەسەی ئێمە بۆی دروست کراوین تا بیپەرستین و خۆشی خۆمانی تیا بدۆزینەوە. "" بۆیە ژیان مەسیحە و مردنیش دەستکەوتە"" (فیلیپی 1: 21). لە مردندا ئێمە خۆشی ڕەهامان دەست دەکەوێت کە لەسەر ئەم زەویەدا هەوڵی بۆدەدەین. کڵێسە دەبێتە شکۆمەندی لەم خۆشیەدا چونکە بە بێگەردی لەمەسیحدا خودا دەپەرستێت بۆ ژیانی هەتاهەتایی. لەکاتێکدا ئێمە ئەم ڕەزامەندیە لێرە دەردەبڕین لەسەر زەوی کاتێك خۆشی لە شتی "" باش"" دەبینین کە لەم ژیانەدا پێمان دەدرێت، ئێمە ناتوانین هیواو خۆشی ڕەها لە هیچیاندا بدۆزینەوە، بەڵام لە مەسیحدا دەیاندۆزینەوە، هەروەها بەتەواوی هەست بەمە دەکەین لە ژیانی هەتا هەتاییدا. پێش ئەوە ئێمە بەڵێنی میراتەکەمان پێ دەدرێت بە تێڕوانینی ڕزگارکردن لەڕێی ڕۆحی خوداوە وەك پێشەکیەك و بیرهێنەرەوەیەکی نیعمەتی خودا لەکاتێکدا ئێمە بەردەوامین لە ژیان وەك خەڵکی لاواز لە جیهانێکی کێشەو گرفت (ئەفەسۆس 1: 13 – 14).

بۆیە ئێمە باوەڕدەکەین کە ژیانی هەتا هەتایی ئێمە "" خودا دەناسین، تەنیا خودا ڕاستەقینەکە و عیسای مەسیح ئەو کەسەی خودا ناردویەتی"" (یوحەننا 17: 3)، هەروەها ئێمە هیوامان دەبێت لەم ژیانە کە مەسیح دەگەڕێتەوە و لەگەڵ کڵێسەکەی خۆی فەرمانڕەوایی دەکات و خۆشی دەبینێت کاتێك خەڵکەکەی دەیپەرستن ئەو کەسانەی شکۆمەندی پێدەدەن لەڕێی پەرستنی قایلکەر بۆ بوونی ئەو. هەروەها ئێمە باوەڕمان بە گەڕانەوەی زووی خوداکەمان هەیە کە بەتەواوەتی بەدکاری و مردن و گوناحە لەناو دەبات و فەرمانڕەوایی دەکات لەگەڵ خەڵکەکەی خۆی لە بەهەشتێکی نوێ و زەویەکی نوێ بۆ هەتا هەتایە.

لەکۆتاییدا ئێمە باوەڕدەکەین کە مشتومڕکردن سەبارەت بە پلان و کاتی گەڕانەوەی مەسیح بێ سوودە و دان بەوەدا نانێت کە بەرەکەتی ئێمە لە ئایندەدا نابینرێت بەڵام زۆردەبێت بۆناو ئاینده. مەسیح خەڵاتەکەیە و هیچ دیاریەکی تر ناتوانێت بەهاو مەبەستی پەیوەندی پەرستن لەگەڵ خودا لەڕێی خاچەکەی عیسای مەسیح داگیر بکات.

هەروەها ئێمە باوەڕ دەکەین لەکاتێکدا زۆربەی بەڵێنەکان بەدەست هاتوون لە یەکەم هاتنی عیسای مەسیح، بەڵام هەموو یان بەدەست نەهاتوون کە لایەنی بەرەکەتەکانی ئەو هەیە وەك ژیانی بێ گوناحەکردن و ساڕێژبوون و ڕزگاربوونی تەواو و بێ فرمێسك و هتد. بەدەست ناهێنرێن هەتا مەسیح جارێکی تر دەگەڕێتەوە. بۆیە ئێمە دەست بە بیرۆکەی "" پێشتر و هێشتا ماویەتی"" بڕوای مردن و حوکمدان دەگرین، واتای ئەوەیە ئێمە لە مەسیحدا بێگەرد دەبین، بەڵام ئەو بێگەردیە تەنیا نیشاندەدرێت کاتێك ئێمە لەکۆتاییدا شکۆمەند دەبین لەکۆتایی زەمەندا (یەکەم سالۆنیکی 4: 13–5: 11 و یەکەم کۆرنسۆس 15).

هەتا ئەو کاتە ئێمە بە لێڵی سەیری ئاوێنە دەکەین (یەکەم کۆرنسۆس 13: 12) بەڵام بەردەوامین لە تێگەیشتن کاتێك بەقوڵی بیردەکەینەوە لە ووشە ئاشکراکراوەکەی خودا کە بەسوودە بۆ "" فێرکردن، بۆ سەرزەنشتکردن، بۆ ڕاستکردن، بۆ ڕاهێنان لە ڕاستگۆیی"" (دووەم تیمۆساوس 3: 15 و ڕۆما 12: 2). هەروەها خودا کڵێسەی دابین کردووە بە دیاری نیعمەت و ئەو تاکە کەسانەی کە یارمەتیمان دەدەن بە یەك بوون و زانینی مەسیح گەشەبکەین و بۆشکۆمەندی ئەو بژین (ئەفەسۆس 4: 11 – 13 و یەکەم کۆرنسۆس 12 – 14 و ڕۆما 12: 3–9).

هەروەها، هەرچەندە ئێمە باوەڕمان وایە کە خودا دەتوانێت هەموو دیاریەك بەکاربێنێت کە ئەو حەزیان لێدەکات بۆ مەبەستەکان و کاتەکانی خۆی، هەروەها ئێمە باوەڕمان وایە ئەو بەخش دەری هەموو خواستێکی خەڵاتی بێگەردە، ئەو ئامادەیە و دەتوانێت بە گەورەیی بەرەکەتمان بکات (یەعقوب 1: 17)، ئێمە خۆمان

لادەدەین لە "" ئینجیلی بەختەوەری"" کە بەشێکی ڕاستیەو بە بیدعە و تالّی و یا خۆ بە ڕاستگۆیی کۆتایی دێت. ئەوە بە مەترسیەوە چاومان دەخاتە سەر ئاسۆ وەك خەلاّتەکە و دەبێتە سوتەمەنی بۆ ئەو بیرۆکەیە کە خودا ئامرازێکە بۆ کۆتایی خۆشی و تەندروستی و سامانی ئێمە کە کتێبی پیرۆز تەنیا لە خودادا دەبینێت و بەبێگەردیش دەیبینێت کاتێك ئێمە ڕووبەڕوو دەیبینین. مرۆڤ لاواز و پڕکێشەیە، خوداش تەنیا سەرچاوەیە بۆ خۆشی و سارێژ کردن کە بۆ هەتا هەتایە بەردەوام دەبێت لە ئێستاوە بۆ هەتا هەتایە! مەسیح بەئێمە دەلێت لەم ژیانەدا ئێمە توشی گرفت دەبین بەلاّم لە ئەودا ئێمە ئاشتیمان هەیە (یوحەننا 16: 33) هەروەها هەر فێرکردنێك کە باوەڕی ئەشکەنجەی تیادا نەبێت ئەوە ڕاستیەکی کتێبی پیرۆز نابێت و ناتوانێت هەموو ئامۆژگاری ئەزموونی مرۆڤ لەسەر زەوی فێربکات، بەلّکو نیشانمان دەدات ئەو ئەشکەنجەیەی ڕزگارکەرەکەمان پیاتێپەڕیوە ئێمە بەناویدا سەفەر دەکەین، هەروەها ئەو لەگەلّ ئێمەیە کاتێك ئێستا ئێمە بەناویدا تێدەپەڕین (زەبورەکان 23: 4). هەروەها ئەوە فێرمان دەکات ئێمە هیوایەکی گەورەی ئایندەمان هەیە لە مەسیح کە ئەو ئەشکەنجەیە کەمدەکاتەوە لەم ژیانەدا ئێمە تووشی دەبین (دووەم کۆرنسۆس 4: 7 – 18).

## من چی بکەم بۆئەوەی عیسای مەسیح ڕابەری ژیانم بکات

**(ڕۆما 3: 23 و 10: 8–15 و یوحەننا 3: 16 و کردار 2: 37–38 و کردار 16: 30–31 و ئەفەسۆس 2: 8–9 و عیبرانیەکان 11: 6)**

هەرچەندە ئێمە بەڕاستی بە نیعمەتی خودا ڕزگار دەکرێین و مەسیح باجی گوناحەکانمانی داوە لەسەر خاچەکە و ئێمە هیچمان بۆناکرێت بۆ ڕزگاربونمان، بەلاّم کتێبی پیرۆز ڕوونە کە ئێمە هێشتا لەسەرمانە باوەڕبێنین (کە واتای متمانەیە) بە مەسیح وەك ڕزگارکەری ئێمە نەك ئێمە میکانیزمی ڕزگارکردنی خۆمان هەبێت، دەشبێت ئەوە بکەین وەك درکاندنێکی ئاشکرا لەڕێی لەئاو هەلّکێشان و درکاندن.

ئەم پرۆسەیە بە تۆبەکردن دەست پێدەکات، دواتر دەبێت ئێمە باوەڕبێنین کە مەسیح ئەو کەسەیە کە ئەو دەلێت، هەروەها ئەو بەڕاستی باجی بۆ گوناحەکانی ئێمەی داوە! ئیمان دیاریەکی خودایە کە نیعمەتی ڕزگارکردنی ئەو چالاك دەکات لەژیانماندا. ئێمە بەهۆی باوەڕەوە خۆشی دەدەین بە خودا.

ئێمە دواتر دەبێت لەئاو هەلّبکێشرێین وەك کردارێکی گوێڕایەلّیکردن بە مەسیح وەك خودای ژیانمان. لەئاوهەلّکێشان ئێمە ڕزگار ناکات، بەلاّم فەرمان بەئێمە دەکرێت تا لەئاو هەلّبکێشرێین، چونکە ئەوە پابەندبوونێکی ئاشکرا و بینینە بۆ مەسیح وەك خودای ژیانمان.